# هەڕەشەکانی تورکیا
# بە وەستانەوەیەکی جەماوەریو سەربەخۆ بەرپەرچئەدرێتەوە

**حەمەغەفور**
hamaxafoer@yahoo.com

دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بەبیانووی ڕاونانی چەکدارانی پەکەکە لە کوردستانی عێراقدا دەستیداوەتە گەمەیەکی سیاسی ترسناک لەدژی خەڵکی کوردستان، کە سەرەڕای ڕەنگدانەوەی خراپی لە ئاستی عێراقو ناوچەکەدا کارەساتی جەنگو کوشتارو ئاوارەییو قاتوقڕییش بەشوێن خۆیدا دەهێنێو دۆخی سیاسی عێراقو ناوچەکەش ناسەقامگیترو داغانتر دەکات. ئەم سیاسەتەی حکومەتی تورکیا لەڕیشەوە فاشیستیو کۆنەپەرستانەو ملهوڕانەیەو مەحکومە بە شکست، دەبێ بە وەستانەوەیەکی سەرتاسەریو جەماوەری سەربەخۆی خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتو ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی وە بە پشتیوانیو هاودڵی ئازادیخوازانی جیهان ڕیسواو پووچەڵکرێتەوە.

جەنگی تورکیاو پەکەکە شتێکی تازە نییە، بەڵام ئەم جارەش وەکو بیانوویەک بۆ شوێنکەوتنی مەرامی سیاسی تایبەت لەئێستادا لەلایەن تورکیاوە لە کوردستانو عێراقدا هێنراوەتەپێشەوە. پرسیارێک کە لێرەدا بەرەوڕووی هەر ئینسانێکو هەر تاکێکی دانیشتووی کوردستان ئەبێتەوە ئەوەیە؛ ئایا ئەگەر کوردستانی عێراق بەم جۆرەی ئێستا نەبووایە، یانی لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیدا نەبووایەو بەهۆی ئەوانەوە ڕاپێچنەکرایەتەوە بۆ ناو عێراقی مەیدانی کارەساتو پشێویو جەنگو ململانێی قەومیو تائیفی، وڵاتێکی سەربەخۆ بووایەو دەوڵەتێکی عەلمانیو غەیرە قەومیی شەرعیو هەڵبژێردراوی جەماوەرو هاووڵاتیان لەسەر کار بووایە، نەک دەوڵەتی فاشیستی تورکی بەڵکو هیچ هێزو دەوڵەتێکی ناوچەییو جیهانیش دەیتوانی بەم شێوازەی ئێستای تورکیا هەڕەشەی لەشکرکێشیو پەلاماری سەربازیو خولقاندنی جەنگو کارەساتی بکردایە بۆ ناو قووڵایی کوردستان؟ بێگومان وەڵام نەرێیە!

کەوایە دوای چەندەمین جار تەجروبەکردنی سیاسەتی سازشو پێکهاتنی دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردی–یەکێتیو پارتی– لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە لەپێناوی مەرامی سیاسی تایبەتی خۆیاندا، کاتی ئەوە هاتووە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ڕێگایەکی دیکە بگرنەبەر بۆ بنبڕکردنی هەمیشەیی هەڕەشەی لەمجۆرەو بەئاراستەی سەقامگیرییو یەکلابوونەوەی چارەنووسی خۆیانو کۆمەڵگاکەیاندا هەنگاوی جدیو عەمەلی باوێژن. تاکەی خەڵکی کوردستان بەدیار سیاسەتی سازشو چەواشەکاری ئەم حیزبانەوە دائەنیشن؟ ئایا ئێستا ئەم پەلامارەی تورکیا پووچیی فیدرالیزمی عێراقی نەخستۆتەڕووو؟! دوای چەندین دەورە سازشی ئەحزابی کوردی لەگەڵ "دوژمنانی کورددا" ئیتر بەباشترین شێوە دەرنەکەوتووە کە ئەوان بڕوایان بە سەربەخۆیی نییەو لکاندنەوەی کوردستان–سەرەڕای شازدە ساڵ جیاییو سەربەخۆیی دیفاکتۆ– بەعێراقەوە تەنیا ئەلتەرناتیڤیانە!؟ لەمپێناوەشدا هەموو سیاسەتێکی سازشکارانەو دژی خەڵکیو لە پشتی پەردەوە ئەنجامئەدەن! هونەرێک کە بۆ وەڵامی کێشەو مەسەلەی میللی نوواندوویانەو ساڵانێکی دوورودرێژە بەباڵایدا هەڵدەڵێن، فیدرالیزمی کۆنەپەرستانەیە بۆ عێراق لەژێر سایەی ستراتیژی شکستخواردووی ئەمریکادا. ئەویش، واتە حکومەتی فیدراڵی عێراق، دەیبینین کە لەبەرامبەر ئەم هەڕەشەو لەشکرکێشییەی تورکیادا نەک هەر دەستەوەستانەو هیچی لەباردا نییە، بەڵکو خەریکی ساتو سەودایە بەسەر خەڵی کوردستانەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا. هەموو دیاردەو ئاراستەو گوزارشتە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان گەواهی ئەوە ئەدەن کە کوردستان دەبێ لە عێراق جیابێتەوەو دەوڵەتی

سەربەخۆی خۆی دامەزرێنێ. دیارە ئەم هەڵبژاردنەش بێ گرفتو کۆسپ نییە. گرتنەبەری ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن جەماوەری تامەزرۆی ڕزگاریو گیرۆدەی دەستی کێشمەکێشو ململانێی نەبڕاوەی ناو بازنەی سیاسەتی چەواشەکارانەی ئەحزابی ناسیونالیستی، خەڵکی یەکلاییو یەکچاو دەکاتەوە لەبەرامبەر مەسەلەی میللیداو بە دڵو حەواسێکی ئاشکراو ڕوونەوە یەکیاندەخات بۆ خستنەگەڕی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەو سەربەخۆیان لەپێناوی جێبەجێکردنی خواستی ملیۆنی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا لە کوردستان.

هەنگاوی یەکەمی ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان دەکرێو دەتوانێ بە هاتنەمەیدانی گشتیو جەماوەریی خەڵکی کوردستان دەسپێبکات لە ناوەوەو لە دەرەوەی وولات بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەو پەلاماری سەربازیی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا. ئەم ڕۆژانە دەرفەتێکی تەواو لەبارو بەجێیە بۆ جەماوەری ناڕازیو ئازادیخوازی کوردستان کە لەلایەک یەکگرتووانەو یەکپارچە بۆ شکستپێهێنانی سیاسەتی شەڕەنگێزیو ملهوڕانەی حکومەتی تورکیا ڕاوەستنو لەلایەکی تریشەوە بە بەرزکردنەوەی خواستی ڕیفراندۆمێکی ئازاد بۆ سەربەخۆیی کوردستان، فیدرالیزمی کۆنەپەرستانەی عێراق ڕەتکەنەوەو داری دەستی دەسەڵاتی کوردیش بشکێنن بۆ درێژەدان بە باڵادەستیی سیاسیانو ڕاگرتنی دەسەڵاتو ئیدارەی میلیشیاییو سەروخەڵکییان. ئەمە سەرەتای ڕێگایەکە بەئاراستەی دەرکێشانی کوردستان لەناو گێژاوی سەرگەردانی شازدە ساڵەو شەڕو پێکدادانی تائیفیو قەومی ئێستای عێراقداو ڕێگاخۆشدەکات بۆ جێبەجێبوونی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمی ئازاد بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کوردستان. لەم شوێنەوە وە بەم ڕێگایەدا دەکرێو دەتوانرێ زەمانەتی ئەوە پەیدابکرێ کە بۆ هەمیشەو بە یەکجاریی کۆتایی بهێنرێ بە هەڕەشەو پەلامارو دەسدرێژی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە دەوڵەتی مەرکەزی عێراقیشەوە. بەدەر لەم ڕێبازو دەروازە ڕۆشنە بۆ ڕزگاری، دووبارەبوونەوەی سیناریۆ کۆنەکانی یەکێتیو پارتیو ڕوودانەوەی کارەساتەکانی پێشووی بەشوێنەوە دەبێ.

2007/10/18